## ڕاپەڕینەکانی سەرکردە کوردەکانی دەوڵەتی عەباسی:

لەم سەردەمەدا کۆمەڵێك لەسەرۆك هۆزەکانی کورد و سەرکردە باڵا کوردەکانی دەوڵەتی عەباسی و هەریەکەیان لەسنووری دەسەڵاتی هۆزایەتی و بەڕێوبەرایەتی خۆیاندا زنجیرەیەك ڕاپەڕینیان لەدژی خەلافەتی عەباسی ئەنجام دا، لەگرنگترین ئەو ڕاپەڕینانە ئەمانە بوون:-

١- جەعفەری فەهرجس:- جەعفەر سەرۆك هۆزی دونبەڵی کوردی لەساڵی ٢٢٥ك / ٨٤٠ز سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی لەناوچەی موسڵ کرد و کەوتە دژایەتی کردنی سیاسەتی خەلیفە موعتەسم کە کۆکردنەوەی ڕەگەزی تورك بوو لەدەوری خۆی، ئەوە بوو سەرەتا شاری موسڵی نزیك سامەرای پایتەختی عەباسی ئەو سەردەمە کردە مەڵبەندی دەسەڵاتی و کاروباری شارەکە و دەوروبەری گرتە دەست، بەڵام پاش دوو ساڵ دەسەڵات لەساڵی ٢٢٧ك / ٨٤٢ز بە پیلانێکی سەرکردەی تورك (ئیتاخ) دەرمان خوارد کرا و کۆچی دوایی کرد، بەو ڕووداوەش ڕاپەڕینەکە شکستی هێنا و لایەنگرانی بڵاوەیان پێکرا.

٢- عەلی کوڕی داودی هەزارمێردی:- ئەم کەسایەتییە وتاربێژی (ئیسحاقی کوڕی کینداج)ی فەرمانڕەوای موسڵ بوو لەساڵی ٢٦٦ك / ٨٨٠ز، بەڵام بەهۆی ململانێی (ئیسحاقی کوڕی کینداج) و (ئەحمەدی کوڕی موسا) لەسەر دەسەڵاتداریەتی شارەکە و



ناوچەی (دیار ربیعە) لەلایەن خەلیفە (موعتەمد باللە)وە لێدران و شارەکە بەبێ فەرمانڕەوا مایەوە، ئەمەش وای لەدانیشتوانی شارەکە کرد، کە بە توانایی (عەلی کوڕی داود) لەوتاربێژیدا ئاشنابوون، بیکەنە فەرمانڕەوای شارەکە و متمانەی خەلیفەی بۆ وەربگرن، ئەمە و ئەم کەسایەتە بۆ چەند ساڵێك فەرمانڕەوای موسڵ بوو و ڕۆڵی باشی لەبەڕێوبردنی شار و پاراستنی ئاسایشیدا بینی، گەر چی ئەم کەسایەتە دژی خەلافەتی عەباسی نەوەستا، بەڵام بە توانایی خۆی و لێهاتووی خۆی بەسەر شارەکە سەپاند و خەلافەتی عەباسی ناچار کرد دانی پیادا بنێت، ئەوەش خۆی لەخۆیدا جۆرێك بوو لەڕاپەڕین.

٣- موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئازاد مەردی:- ئەم کەسایەتییەش سەرکردەیەکی ناوچەی ناسراوی ناوچەی ئەهواز بوو، لەساڵی ٢٥٥ك / ٨٦٩ز هەڵایسانی شۆڕشی کۆیلەکانی قۆستەوە و کەوتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ (عەلی کوڕی موحەمەدی بورقۆعی) سەرکردەی کۆیلەکان و بڕیاری هاوکاری کردنی دا، کاتێکیش (یەعقوبی کوڕی لەیسی سەفار) لەهەرێمی سیستانەوە بانگەشەی دەسەڵاتەکەی دا، پەیوەندی بەویشەوە کرد و بڕیاری هاوکاری کردنی ئەویشی دا، مەبەستی موحەمەد لەم کارانەیدا مانەوەی خۆی بوو لەناوچەکە و سوود وەرگرتن بوو لەو ململانێیەی لەو سەردەمەدا لەنێوان خەلافەتی عەباسی لەبەغداد و (یەعقوبی کوڕی لەیسی سەفار) لەهەرێمی سیستان و کۆیلەکان لەباشووری عێراقدا دروستبوو، هەر چۆن بێت ئەم کەسایەتە تا ساڵی



٢٦٨ك / ٨٨٢ز سەرکردایەتی ناوچەی ئەهوازی کرد و کاروبارەکانی بەڕێوەبرد، تا لەو ساڵەدا لەلایەن (یەعقوب)وە بە تۆمەتی هاوکاریکردنی کۆیلەکان تاوانبارکرا و بە دیل گیرا و کوژرا، بەو شێوازەش ڕۆڵی ئەم کەسایەتییە و فەرمانڕەوایەتییەکەی کۆتایی پێهات.

٤- موحەمەدی کوڕی بیلالی هەزبانی:- کەسایەتییەکی کوردی و سەرۆك هۆزی هەزبانی کوردی بوو، ساڵی ٢٩٣ك / ٩٠٥ز بە ڕووی دەسەڵاتی ئەبولهیجا (عەبدوڵڵای حەمدان)ی فەرمانڕەوای موسڵدا ڕاپەڕی و دەستی بەسەر خۆرهەڵاتی موسڵدا گرت، بەڵام بەهۆی هاوکاری خەلیفە (موستەکفی باللەی عەباسی) بۆ ئەبولهیجا کاربەدەستی لەموسڵ (موحەمەد)یان ناچارکرد بەرەو ناوچەی شارەزوور پاشەکشێ بکات و بەپشتیوانی پێنج هەزار خێزانی هەزبانی خۆیان لەچیاکانی شارەزوور قایم بکەن، بەڵام سەرئەنجام (موحەمەد) کەوتە بەر پیلانی ئەبولهیجا و ناچار بوو کە خۆی بەدەستەوە بدات، بەمەش ئەو هەولەشکستی هێنا.

ئەوانەی باسکران بەشێك بوون لەو دەیان هەوڵەی کوردەکان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسیدا یان لەژێر دەسەڵاتێکی خۆ ڕیبەری کوردیدا بۆ ماوەیەك لەستەم و چەوساندنەوەی کاربەدەستانی عەباسی دووربکەونەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن.



### سەر چاوەکان

١- أبن الأثیر، الكامل.
٢- یتسمی، کرد و پیویستگی نژادی.
٣- عباس عبدالكريم، کۆملگا.
٤- على حسنى الخربوكلى، ثورات في الاسلام، بيروت، ١٩٧٨.
٥- فائزة محمد عزت، الكرد في اقليم الجزية و شهرزور.
٦- ياقوت الحموي، معجم البلدان.
٧- خليفة بن خياط، تاريخ.
٨- الطبرى، تاريخ.
٩- الازدى، تاريخ الموصل.
١٠- اليعقوبي، التاريخ.
١١- د. حسين مروة، النزعات المادية.
١٢- جوزى، من تاريخ الحركات الفكرية.
١٣- حسين قاسم، البابكية.
١٤- بورهان قانع، بازرگانی کۆیلەکان لەئەفریقیا، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٣.
١٥- أحمد علبى، ثورة العبيد في الاسلام، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٥.
١٦- پیکولوسکایا و دیگران، تاريخ ايران.
١٧- أبن كثير، البداية و النهاية.
١٨- المسعودى، مروج الذهب.
١٩- محمد جاسم حمادى، الجزيرة الغراتية و الموصل، دار الرسالة، بغداد، ١٩٧٧.
٢٠- د. عبدالعزيز الدوري، العصر العباسي الأول، بغداد، ١٩٤٥.
٢١- المقدسي، أحسن التقاسيم.
٢٢- محمد امين زكي بك، خولاصه.